مەسرور بارزانی پشتیوانی تەواوی حکومەتی هەرێمی بە مافی پێکهاتەکانی کوردستان دووپات کردەوە

ئەمە دووشەممە 12/11 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشتیوانی تەواوی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە مافی پێکهاتەکانی کوردستان دووپات کردەوە. نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوەکدا باویکردووە" سەرۆکی حکومەت لەمبارەیەوە نامەیەکی بە هەر یەک لە فایق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، جینین هەنیس-پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و عومەر ئەحمەد محەمەد سەرۆکی ئەنجومەنی کەمسیارانی کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق نارد و تێیدا نیگەرانیی و ناڕازایی لە بڕامبەر هەوڵەکانی گۆڕین و دەستکاریکردنی کورسی و مافی پێکهاتەکانی کوردستان دەربڕی و داوایکردووە کە ڕێگری لەم هەوڵانە بکرێت و مافەکانی پێکهاتەکان دەستکاری نەکرێت و پارێزراو بێت.